# بیرکردنەوەو ئازادیی

## بەشی یەکەم

## نووسینی

## دکتۆر کەمال میراودەلی

---

ئاسۆ , 6-4-2007

بەداخەوە ئەوەی بینیم لە ئەنفال کەمتر ئازاری نەدام: گەلێک کراوەتە مێگەل. شار کراوەتە گوند. گوند کراوەتە مەرگستانی سروشت و کار و بەرهەم و کولتوور. زانکۆ کراوەتە قوتابخانەی ئامادەیی، ئامادەیی بۆتە سەرەتایی. جەهالەت بۆتە زانست، خێڵ بۆتە کۆمەڵگەی شارستانی. حیزب بۆتە قوتابخانەی بەعس. رۆشنبیریی کراوەتە دەستشۆری مێشک

---

گەلێک گەورەتریین دەرفەتی مێژوویی خۆی، لە دەرەوە بۆ دروستکردنەوەی دوژمنەکانی خۆی و لە ناوەوە بۆ گەندەلکردن و رووخانی خۆی بەکار بێنێ،
گەلێک نەتوانێ بیر بکاتەوە، نەتوانێ نەخشەی یەک هەفتە و یەک مانگی هەبێ،
گەلێک نەتوانێ ئەزموونەکەی تێ بگات و لە کارەسات و مردنەکانی فێر بێ، گەلێک بە دەستی خۆی ئەنفالەکانی ئەنفال بکاتەوە...... ،......... ئەمە چ میللەتێکە؟،

---

ئاسۆ , 6–4–2007

سەرباس: پرۆژەیەکی فەلسەفە بە زمانی کوردیی

(1)

نامەوێ زێدە رۆیی بکەم و بڵێم: هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای فەلسەفەم هەبووە.
بەڵام گەر مانا سادە و سەرەتایی و سەرەکییەکەی فەلسەفە وەربگرین:
کە بریتییە لە حەز بوون لە زانین و فێربوون، ئەوە ڕەنگە زۆربەمان هەر لە مناڵییەوە ئەو حەزەمان هەبوو بێ.

هەن ئەم حەزە لەگەڵیان گەورە دەبێ، گەورە دەبێ، بە بەر دەبێ. هەن لە لایان دادەمرکێتەوە و دەپوکێتەوە یان مەبەست و خواستی دی جێی دەگرێتەوە.
ئێمەمانان، وەک کورد، چ لە خاکی وڵات بین، چ لە هەندەرانی ئاوارەیی، بەشێکین لە تراژیدیایەکی مێژوویی و لە مێژووی تراژیدیایەکی مەزن. ئەو مێژوویە رەوت و رێچکە و هەڵبەزە و دابەزەی ژیانمان دیاری دەکات. زۆر جار تەنیا ((مان)) خۆی، جا چەند مانای پڕ ژان و ئازاریشی هەڵگرتبێ، هەر بە بەخت و دەسکەوت دەژمێردرێ.
حەزم دەکرد ئەو حەزەی مناڵیم بۆ شیعرو زانین، بۆ فەلسەفە، وەک تینوویی و سێبەر لێم جیا نەبوونایەوە. بەڵام وەک زۆر خۆشەویست و بابەتی خۆشەویستیی دیکە، تراژیدیایەکە لە منی دابڕین و من لێیان دابڕام.
خۆشەویستیی زانین و دانایی، بەشێکە لە ژین، ناسکاریی سەرەکی ژیانە. بەڵام کەم دەرکی پێ دەکەن. ئەمە خۆی نهێنی فەلسەفەیە. بە درکاندنی ئەم نهێنییە فەلسەفە خۆی دەناسێنێ و ناسنامەی خۆی بەدەست دێنێ. بەڵام نهێنییەکە لە ئەنجامەکەدا نییە، لەو زانینەدا نییە کە بە دەستی دێنین، بەڵکو لە ئامرازەکە دایە، لە پێکارەکە دایە، لە میتۆدەکە دایە: چۆن زانین بە دەست دێنین، چۆن ئەوە دەزانین کە دەیزانین، چۆن راستی و چییەتی ئەوە دەزانین کە دەیزانین؟ کەواتە: چۆن بیر دەکەینەوە؟_ ئەوە میکانیزمی گەیشتن بە بیرەکان، کۆزانەکان، ئایدییایەکان، چەشنەکانی زانین و نهێنییە ئاشکراکانی بوون و گەردوونە.
ڕەنگە لەبەر هەلومەرجی تایبەتی ژیانی منداڵییم بێ کە لەوەتەی بیرم دێ بیر دەکەمەوە!
لەگەڵ خۆم بیر دەکەمەوە، بە تەنیا بیر دەکەمەوە، هەر شتێ دەهاتە ڕێم بیرم لێ دەکردەوە، هەر شتێ دەمخوێندەوە بیرم لێ دەکردەوە. بیر بیری دروست دەکرد، خەیاڵ خەیاڵی ڕادەکێشا، وشە هێلانە وشەی دەهاروژاند.
وابزانم هەستی تەنیاییم هۆی گرنگی ئەم نوقومبوونە لە بیرکردنەوەدا بوو. لەتەمەنی حەوت ساڵیدا بووم دایکم مرد. دوایی نازانم بەڕاستی چۆن پەروەردە کرام. هەر وەک بۆشاییەکی بیرەوەری لەو سەردەمەی ژیانمدا هەبێ. بەڵام ئەوەندە دەزانم لە کاتێکدا برا و خوشکەکانم و مناڵی دراوسێ و گەڕەک خەریکی یاری و شەرەشەقی منداڵانە بوون، من لە ژوورەوە تەنها بووم، تەنیاییەک خۆم هەڵم بژاردبوو، یان ژیان بۆی هەڵبژارد بووم. نازانم؟ حەزم لە تەنیایی بوو، زۆربەی کاتم لەناو سندوقێکی گەورەدا کە پڕ بوو لە کتێب و گۆڤار، کە کتێبخانەکەی باوکم بوو بەسەر دەبرد. حەزم لە خوێندنەوە بوو، بیر کردنەوەش وەک شارەمێروولە لە مێشکمدا دەهارووژا.

بەهەر حاڵ، وەک هەر کوردێکی دی، بووینە یان کراینە تۆپی پێی ڕۆژگاری ڕەش و کارەساتە شوومەکانی.
مەرگەساتی 24 ی نیسانی 1974ی قەڵادزێ، ئەو لەحزەیە بوو کە تەمەنی منی کردە دەسکەلای دەستی تراژیدییا یەک– لە– دوای– یەکەکان. هەستم کرد لەو ساتەوە دەسەڵاتم بەسەر ژیانی خۆمدا نەما. خواستی خۆم لێسەندرا و تەنیا لە چوار چێوەی هەڵبژاردە سەختەکان و ئەگەرە قورسەکاندا دەمتوانی بڕیارە بەرخواستەکان بدەم.
جگە لە شیعر و هەندێ هەوڵی ڕەخنەیی، یەکەم بەرهەمی فەلسەفیم کتێبی فەلسەفەی جوانیی و هونەر بوو کە لە ساڵی 1979 دا لە سەر داوا و بۆ زانکۆی سلێمانی نووسیم.. لە ماوەی کەمتر لە نۆ مانگدا، لە حاڵەتی کەمیی سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی، ئەو کتێبەم وەک هەوڵێکی سەرەتایی، بەرهەم هێنا. دوای ئەوە لە جیاتی ئەوەی وەک نەخش کراوو بڕیار دراو بوو، ئەم کتێبە ببێتە بەشێک لە پرۆگرام و کۆڵەکەیەکی بەشی کوردۆلۆجی لە زانکۆی سلێمانی، هەم زانکۆکە لە ناو برا و دووررەت کرا، هەم خۆشم لە جیاتی وانەبێژیی فەلسەفە رەخنەی ئەدەبیی لە زانکۆ، بەحاڵ لە لە ناوچوون خۆم دەرباز کرد و بە ناچاری رێگەی دوور وولاتیم گرتە بەر.. بەلاٌم خولیا فەلسەفی و ئەدەبییەکانم لێم جیا نەبوونەوە. لە ساڵی یەکەمی مانەوەم لە بەریتانیا، ماستەرم لە بەشی ئەدەب، بەلاٌم لە فەلسەفەی مێژوو، تەواو کردو تێزەکەم لە سەر فەلسەفەی مێژوو بە گشتیی و تییۆری زانستی مێژووی ئیبن خەلدوون بە تایبەتی نووسی . دوایی بە بەکارهێنانی میتۆدی نوێی بۆچوونی فەلسەفەی ڕەخنەیی و سیاسیی فووکۆو دایلەکتیکی مارکسیی، دکتۆرام لە بابەتی (ئارکیۆلۆجی مێژوو: دروست بوونی وێنەی ئەوی دی لە بیری خوراوایيدا) تەواو کرد.. هەر ئەو کاتەش کە خوێندکار بووم زانکۆی ئیسێکس داوای لێ کردم فەلسەفەی مێژوو و رۆژهەڵاتناسی بە مانا تیئۆرییە نوێکەی وەک ئێدوارد سەعید، لە کتێبەکەیدا، ئەویش لە ژێر کاریگەرییەکی گەورەی هیگل و نیچە و فۆکۆدا، دەستنیشانی کردبوو، بڵێمەوە. ئەمە دەرفەتێکی گەورەی بۆ ڕەخساندم هەم لە دوا پێشکەوتنی بیری فەلسەفی و ڕەخنەی رۆژاوا شارەزا بم، هەم بە شێوەیەکی سەرەکی، بۆ ئەم بابەتە دڵخوازە خۆم تەرخان بکەم.
بەداخەوە کارەساتەکانی کوردستان هەمیشە چڕتر و تراژیدیتر دەبوون، هەمیشە لە شەقامەکانی لەندەن و پەناگەی پەنابەران هەواڵی خوێن و قڕانکردن و شەڕی خۆکوژیی و بێگانە پەرستیی ئامادە بوون.
تراژیدیای مەرگ، وێرانیی زێد و مەڵبەند و گوند و شار، دەربەدەریی و ئاوارەیی دۆست و خزم و خۆشەویستان، مەرگی بە کۆمەڵی هەزاران، جینۆساید و ئەنفال،...

هەموو ئەمانە گورزێکی گەورەیان لە رۆحم وەشاند.. لە جیاتی کاری زانکۆ، بە ناچاریی داوا و خواستی کۆمەڵگەی کورد و هەموو حیزبە کوردییەکانم قبوڵ کرد و خۆم بۆ دروست کردن و پێشخستنی مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد، لە لەندەن و پێشخستنی پرسی کورد و کوردستان لە بواری کولتووریی و سیاسییدا تەرخان کرد. ئەمە و خودی کارەساتەکان، خولیای شیعر و فەلسەفەی بۆ ماوەیەکی زۆر کوشتم.. بە تایبەتی لە ماوەی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالدا.. لە جیاتی بابەتی تیۆریی و ئەدەبیی و رەخنەیی، خەریکی دروست کردنی رێکخراوە کوردییەکان و رێکخستنی خۆپیشاندان و نامەنووسین و چالاکی سیاسی دژ بە رژێمی بەعس و سیاسەتی جینۆساید بووم. تووشی خەمبەندیی و رەشبینیەکی رۆحی بووم. دەردە کوردیش، دەردی دواکەوتوویی و خۆخواریی و خۆفرۆشیی، زیاتر چەقۆی ئازارەکانی تیژ دەکردن. گەر باوەرێکی پتەووم بە ژیان و خەبات و دەوری قەڵەم و هۆشیاریی نەبایە، زۆر جار مەرگ یان بەزین بەرخواستێکی ئاسانتر بوون.

کاتێ دکتۆراکەم لە ساڵی 1987 تەواو کرد، کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالی بە دوادا هات. بۆیە نە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکە، نە بۆ تەرجەمە کردنی بۆ کوردیی، هێز و وزە و پاڵنەرم نەبوو.. رۆحم بە مۆتەکەی شەوانە شەکەت بوو، دڵم لە کوردستان بوو، هەموو هەست و خورپە و ترس و هیواو هەوڵێکم بۆ ئەوە بوو: چۆن لافاوی مەرگ و شاڵاوی جینۆساید بوەستێ؟

نامەوێ درێژە بەم باسە بدەم کە خەریکە دەچێتە ناو فەزای ئۆتۆبایۆگرافیەوە.

چەند جار دوای 1991 سەردانی کوردستانم کرد. دڵخۆشکەرترین سەردانم کۆتایی ساڵی 2002 بەر لە لێدانی سەددام بوو. لەناوەوە و دەرەوە هەلومەرجی پێگەیشتن و ئازاد بوون دەبینران و هەست پێ دەکران و هاواریان دەکرد.

دوا سەردانم، بۆ یەکەم جار دوای روخاندنی رژێمی داگیرکەر، لە هاوینی 2005 دا بوو: لە 15ی مایسەوە بۆ 9ی تەمووز.

بەداخەوە ئەوەی بینیم لە ئەنفال کەمتر ئازاری نەدام: گەلێک کراوەتە مێگەل. شار کراوەتە گوند. گوند کراوەتە مەرگستانی سروشت و کار و بەرهەم و کولتوور. زانکۆ کراوەتە قوتابخانەی ئامادەیی، ئامادەیی بۆتە سەرەتایی. جەهالەت بۆتە زانست، خێڵ بۆتە کۆمەڵگەی شارستانی. حیزب بۆتە قوتابخانەی بەعس. رۆشنبیریی کراوەتە دەستشۆری مێشک. رۆژنامەکان کراونەتە زێرابی بیر و بەهاکان. ئەنفالکردنی زمانی کوردیی بەردەوامە. زمانی قسەم لە گۆ کەوت و پەنجەی نووسینم شکا. پێشتر زیاتر بە ئینگلیزی وتار و لێکۆڵینەوەم لە بابەتی کوردستان و چارەنووسی عێراق لە کوردمیدیا و سایتەکانی دی بڵاو دەکردنەوە. ئێستا کە دەستم

دەدایە قەڵەم، داخ دڵی پڕ دەکردم، هەستم دەکرد ڕۆحم دەگوشرێ، نەساغیی (شەکرە) کە تووشی هاتووم، خەستر دەبێ. لەو دەمەشدا برا و هاوەڵی سی و حەوت ساڵەم، کاکە سەعدوڵڵا موحەممەد، کە ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی چالاک بوو، لە BBC کاری دەکرد، بە نەخۆشی سەرەتان، کە لە ناکاو پێش دوو ساڵ تووشی هات، کۆچی دوایی کرد. کاکە سەعدیش بە ناکامی و تاوانی زەقی قەدەر، دڵە گەورەکەی کەوت و چووە پاڵ برا و هاوڕێ بە ناکام بووەکانی پێشووم لە لەندەن: کاکە د. عوسمان جۆڵا و، کاکە د. شێرکۆ فەتحوڵڵا و، کاکە د. سیروان شەریف، کە ئەوانیش بە غەدری ئاشکرای مەرگ، لە هەرەتی ژیان و هیوا و بەرهەمدا، ڕاپێچی گۆڕی تاریک کران.

ئێستا نووسین لە سەر ئەو هەلومەرجە خۆکردە تاوانکارانەی کوردستان، وەک کێلانی دڵ بە چەقۆ وا بوو: چ دەنووسی، بۆ کێ؟ چۆن میللەتێک ئاوای لێ دێ، ئاوای لێ دەکرێ؟ چۆن مرۆڤ دەشێ وای لێ بێ نەک لە هەستی کەرامەت و ویژدان و بەهای نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵیی دابڕێ و تەنەنەت زۆر زۆر بۆ ئاستی کەمتر لە زیندەوەری بێ زمان و دڕەندەی هەژار دابەزێ؟ چ دەنووسی، چۆن، بۆ کوێ؟

ئایا ئاخری تۆشیان بەزاند؟ نووکی قەڵەم دەتوانێ بەری لافاوی زێرابیی بگرێ؟!

ئایا دەسەڵات هەموو شتێ نییە؟

عەقڵ دەسەڵات نییە؟ یاسا و ڕێسا دەسەڵات نین؟ ڕەوشت و داد، دەسەڵات پێناسەیان ناکات؟! مێژوو دەسەڵات ناینوسێتەوە؟ ئایدۆلۆجی دەسەڵات بەرهەم ناهێنێ و دەسەڵات بەرهەمی ناهێنێتەوە؟ چ دەنووسی؟ لە کوێوە بۆ کوێ؟

ئەوەتا کە دەست دەدەیە قەڵەم، دەتەوێ دیاردە دزێوەکان شی کەیتەوە، ئازار و ناڕەحەتیی هەست و هۆشت دادەگرێ، فشاری خوێنت بەرز دەبێتەوە، تاریکایی بە دیدەی ڕۆحت دا دێت، لە ناو خەستایی ئەو زەلکاوانەدا ناتوانی هەناسە بدەیت.

ڕەشبینییەکی قووڵ دات دەگرێ: چۆنە، بۆچی، ئەوان نایبینن، بیر ناکەنەوە، ڕاناچەنن؟ چییە دەسەڵات ئاوا کوێرە؟ تەنێ توندوتیژیی و ترس مێشکە پووتەکان دەلەقێنێ؟ سێکوچکەی پارە و سێکس و دەسەڵات، کەسی بە قووتنەدراوی نەهێشتۆتەوە: درۆ بۆتە بازاڕ، چەواشە کردن بۆتە کاسپی و کار، نووسین بۆتە داپۆشین و بە چەواشە کردنی مێژوو؟ ئیدی..ئیدی،.....

گەلێک بیرەوەری نەبێ،

گەلێک دوێنێی لە مرۆدا بنێژێ و سبەینێ بکاتە قوربانی ساختەیی و سەودای ئەمرۆ...

گەلێک گەورەترین دەرفەتی مێژوویی خۆی، لە دەرەوە بۆ دروستکردنەوەی دوژ منەکانی خۆی و لە ناوەوە بۆ گەندەلکردن و رووخانی خۆی بەکار بێنێ،

گەلێک نەتوانێ بیر بکاتەوە، نەتوانێ نەخشەی یەک هەفتە و یەک مانگی هەبێ، گەلێک نەتوانێ ئەزموونەکەی تێ بگات و لە کارەسات و مردنەکانی فێر بێ، گەلێک بە دەستی خۆی ئەنفالەکانی ئەنفال بکاتەوە، مێژوو- و کولتوور و فەرهەنگ و رەوشتی کۆمەڵایەتی خۆی ئەنفال بکات، دەیان جار بە سەر هەمان رێگەی چاڵ و مەرگ و نەهامەتی و ئاشبەتاڵدا ملی شکاو بنێ، درۆ بکاتە ڕاستی، تاوان بکاتە دادپەروەریی، خیانەت بکاتە قارەمانیی، مێژووی خۆ فرۆشتن و کارەسات بکاتە بۆنەی سەرکەوتن و خۆنازیی،ماڵی خۆی بدزێ و کەرامەتی خۆی تاڵان بکات. پرسی داد و ئازادی خۆی بکاتە هەڕاج، بەبێ هۆ لە بەردەم هەموو داگیرکەر و بکوژەکانیدا بێتە سەر چۆک، سەودا بە شەهید و قوربانییانییەوە بکات،......... ئەمە چ میللەتێکە؟

ئەمە چ میللەتێکە لە سەر گۆڕی بە کۆمەڵی دوو سەد هەزار ڕۆڵە و جگەرگۆشەی ئەنفالکراودا دەخەوێ و بێباکانە (دێوەزمەی) ئەنفالیش لە باوەشیا دەخەوێنێ؟

ئەمە چ میللەتێکە ئازادیی خۆی بۆ دروستکردنەوەی داگیرکەرانی شەرەف و ئازادیی خۆی بە کار دێنێ؟

چار: لە سفرەوە دەست پێ بکەین؟

چۆن بیربکەینەوە؟

چۆن بە ئازادیی و بۆ ئازادیی بیربکەینەوە.

ئەمە پرۆژەیەکە دەگاتە کوێ، نازانم!

---